کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-10-2007 1:11

## ئەحمەد کردمی بە سۆزانی بێز لەخۆم دەکەمەوە ... هیمن عوسمان بە رزنجی

کاتێ باوکم مرد ئێمە چوار خوشکی هەتیوو کەوتوو، دایکێکی بێوە ژن ماینەوە، بژێوی ژیانمان کەوتە سەرشانی دایکم، دایکم لە یەکێك لە قوتابخانەکاندا کارگوزار بوو، من ئەو کاتە لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، بەهۆی مردنی باوکمەوە نەم توانی پۆلی شەش ببرم، ئەگەر چی بەدرێژایی ژیانم خەونم بەوەوە دەبینی کەببم بە ئەندازیار، پاش سالێك دوای کۆچی باوکم گرانی بەسەردا هات، ئیدی نەمتوانی جارێکی تر بخوێنم، پاشان لەماڵەوە ژیانمان ڕۆژ بەڕۆژ سەخت دەبوو، تەنیا بەمووچە کەمەکەی دایکم و خێر و سەرفترە و زەکاتی دراوسێکانمان دەژیاین، ئەحمەد چەند جارێك هات بۆ داوام، بەڵام دایکم لەبەر ئەوەی ئەحمەد لەشارێکی تر دەژیا سەرەتا ڕازی نەدەبوو، ئەحمەد بەبڕێك پارەی زۆر دایکمی قایل کرد چەند ڕۆژێك بەر لە مارەکردنم بۆ یەکەم جار لەماڵی خۆمان ئەحمەدم بینی، پاش ئەوەی لەگەڵ ئەحمەد کەوتینە گفتوگۆ، خوێندنەوەم بۆ ئەحمەد ترسناك بوو بەڵام لەبەر ئەوەی ژیانی ماڵەوەمان لە مەترسیدا بوو خەیاڵێك هێنا بەسەر بیرکردنەوەکەمدا، پاش چەند مانگێك لەگەڵ ئەحمەد ژیانمان پێکهێنا لەگەڵ ئەحمەد لەیەکێك لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا دەژیاین، من هەر لەسەرەتاوە گومانم لە ئەحمەد هەبوو، شەوێك بەر لەوەی بچینە سەر جێگا ئەحمەد ڤیدیۆ سیدیەکەی داگیرسان، سەرتاوی چرا ئەم فلیمە زۆر خۆشە وتم " ئەحمەد سیدیەکە باس لەچی دەکات؟"، ئەحمەد وتی"بابیبینیت ئەوسا دەزانی باسی چی دەکات، پاش کەمێك بینیم فلیمەکە یەك پارچە سێکسی بوو ڕووم کردە ئەحمەد و توڕەییەکەوە گوتم" ئەحمەد تکا دەکەم ئەو فلیمە لایە ئێمە پێویستیمان بەوە نیە"، ئەحمەد وتی"چرا دەمەوێت لەسەر شێوازی ئەم فلیمە لەگەڵتا جووت بم "، ئیدی منیش هیچ دەنگم نەکرد بڕیارمدا شەوێ لەگەڵیدا بەسەر بەرم بەیانی بچمەوە ماڵی باوکم، ئەو شەوە ئەحمەد ماندووی کردم بەدرێژایی ئەو شەوە نەخەوتم، پاشان بەیانی ئەحمەد نەچوو بۆ کار نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ ماڵی باوکم، هەر هەمان ڕۆژ لەنیوەڕۆکەیدا دووپیاو و ئافرتێك هاتن بۆ ماڵمان، پاش ئەوەی نانیان خوارد، ئەحمەد بانگی کردم وتی"دەبێت لەگەڵ (ع) ڕابوێریت"، وتم" ئەحمەد من کاری وا ناکەم "، لەسەرەتادا ئەحمەد زۆر قسەی لەگەڵ کردم بەڵام من هەر ڕێگام پێ نەدا، ئەحمەد بێ ئەوەی قسە لەگەڵ من بکات دەمانچەکەی خستە سەرم و وتی"چرا لەوە زیاتر بدوێیت دەتکوژم، پاشان منی بردە ژوورەکەی تر، بینیم ئەوان بەدوو پیاو خەریکی ئەو ئافرەتە بوون کەلەگەڵیاندا بوو، ئەحمەد هەر لەوێدا جلەکانی لەبەر مندا داکەنی و منیش وەك مرۆڤێکی بێ هەست لەبەردەمیدا کەوتم، ئەحمەدیش جگەرەو مەشروبی دەخوارد بەدیارمەوە (ع) بێ ویژدانانە کەوتبووە جەستەم، ئیدی ئەحمەد بەم شێوەیە هەر ڕۆژێ کەسێکی بۆ دەهێنام تا سالێك من نەمتوانی سەردانی ماڵی باوکم بکەم بەهۆی ئەوەی کەڕۆژانە دوو کەس تا سێ کەس دەهاتن بۆلام وەك سۆزانیەکی ناودار ناوم دەرکردبوو، چەند جارێك هەولم دەدا خۆم بکوژم بەڵام دەستم نەدەچووە خوێنی خۆمەوە، شەوێك لەکاتژمێر نۆدا سەیارەیەك لەبەر دەرگاکەماندا وەستا، ئەحمەدیش لەماڵ نەبوو، حەوت کەس هاتنە ژووەرەوە منیش کەمێك شەربەت و ئاوم بۆ بردن، یەکێکیان وتی"چرا) خان خۆت حازر بکە"، وتم "بۆچی!!"، وتی"ئێمە پارەمان داوە بە ئەحمەد لەگەڵ ئەحمەد ڕێکەوتوین "، وتم"من ناتوانم لەگەڵ حەوت کەسدا ڕابوێرم ئەگەر چی دەمزانی هەمویان مەستن، بەڵام من هەر نکولێم دەکرد، پاشان وتیان بەك یەك دێینە لات، پاش کەمێك لەگەڵ یەکێکیان ڕام بوارد ئیدی هەر حەوتیان هاتنە ژوورەوە بێ ئەوەی جلیان لەبەردا بێ بێ ڕەحمانە کەوتنە ویزەم، پاش دوو کاتژمێر لەهۆشی خۆم چوم بەیانی کاتێ بەئاگا هاتمەوە ئەحمەد پەرستارێکی ئافرەتی هێنابوو، هەموو لاشەم خەڵتانی خوێن ببوو، پاش چەند ڕۆژێك هەڵهاتم بەرەو بەغداد لە بەغداد چوومە لای پیاوێك کەچەند ئافرەتێکی وەکو منی لەژێر دەستا بوو، ئەو ئێمەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکرێ دەدا، برێکی کەم کرێی دەدایە ئێمە، دوای چەند مانگێك گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم، ژیانی خۆم بۆ دایکم گێڕایەوە، نەمتوانی جارێکی تر لەگەڵ دایکم بژیم گەڕامەوە بۆ بەغدا، بەلام کاتێك چوومەوە بۆ بەغدا نیوەی هاوڕێ سۆزانیەکانم لەلایەن پۆلیسەوە زیندانی کرابوون، نەمتوانی لەو شوێنەدا بمێنمەوە، پاشان چوومە لای کەسێکی تر هەر یەکەم شەو کەلای ئەو پیاوە بووم چوار کەس هاتنە لام زۆر بە زەحمەت توانیم شەویان لەگەڵدا بەڕێ بکەم بەتەواوی فێری مەی خواردنەوە بووم، هەرکاتێك زیاتر لە پێنج کەس بهاتایەتە لام تەواو تەواو خۆم مەست دەکرد، ئەوسا دەمتوانی خۆم ڕابگرم، ڕۆژێك بۆ هەندێ پێداویستی چووم بۆ بازاڕ لەشەقامی ڕەشید لەدوکانێك هەندێ کەل و پەلم کڕی، هەر دوای ئەوە لەدوکانەکەدا هاتمە دەرەوە چەند هەنگاوێك ڕۆیشتم گوێم لەدەنگی کەسێك بوو لە پشتمەوە بانگی کردم، هەر کەئاوڕم دایەوە، لوئەی بوو، ئەو کوڕەی کەلە کچێنیمدا خۆشم دەویست، پاشان لەگەڵ لوئەی چوینە نێو باخچەیەك، لەگەڵ لوئەی کەوتینە گفتوگۆ، لوئەی لەسەرەتادا نەیدەزانی کەمن بوومەتە سۆزانی، هیچم دەربارەی ژیانی خۆم بە لوئەی نەوت، تەنیا ئەوە نەبێ بەڵێنم بە لوئەی دا شەوێك پێکەوە نێو کێڵگەکەی ماڵی لوئەی، من لەماڵی ئەو کەسەی ئەو کارەم تێدا دەکرد مانگێك مامەوە، پاشان مۆڵەتم لە () وەرگرت چووم بۆ جێگایەك کەلەوێ لوئەی چاوەڕوانی دەکردم، ئیدی لەگەڵ لوئەی دا چوینە نێو کێڵگەکە، لوئەی باسی بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە کاتێك کەمن بەشو درام چی بەسەر هاتبوو، ئیدی منیش بە لوئەیم وت "من ئێستا ئافرەتێکی سۆزانیم"، لوئەی بە سەرسوڕمانیەکەوە وتی"هەرگیز شتی وا نابێت ڕێت پێ نادەم بەم جۆرەیە قسە بکەیت، تۆ ئێستا هەر خۆشەویستی منی تەماشایەکی چاوەکانی لوئەیم کرد، بیری ئەو ڕۆژانەم دەکەوتەوە کەلەگەڵ لوئەی دا بەخۆشەویستیەکی پاك و ڕاستەقینە پێکەوە بووین پاش کاتژمێرێك لەفرمێسك ڕشتن، تەواوی ژیانم بۆ لوئەی گێڕایەوە، لوئەیش لەگەڵ مندا هۆن هۆن دەگریا، وتم" لوئەی ئەحمەد منی کردە سۆزانی ئێستا قێز لەخۆم دەکەمەوە دەمەوێت تۆڵەی سۆزانیەتی خۆم لەئەحمەد بکەمەوە چونکە هەرگیز من حەزم بەلەش فرۆشی نەکردووە، من دەمەوێت ببمە ئەندازیارێکی کارامە من خەونەکانم جۆرێکی تر بوو من ئێستا لەگەڵ مەی ڕاهاتووم لەئامێزی سەدان کەسی بێ بایەخدا ڕۆژم کردۆتەوە، هیچ هەواڵێکی دایك و خوشکەکانم نازانم ناشتوانم جارێکی تر لەگەڵ ئەواندا بژیمەوە، من تا ئێستا سێ منالی بێ باوکم لەنێو سکمدا لەناو بردوە، بەلام ناتوانم جارێکی تر وەك جاران بژیم، چونکە ئێستا من جگە لە ئافرەتێکی لەش فرۆش هیچی تر نیم، ئەگەر چی من ئێستا پارەیەکی زۆرم بەم کارەم دەست کەوتووە، بەلام خۆ پارە من ناگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی جاران، ئێستا من بونەوەرێکی پۆخڵم، لوئەی هاوخەمی بۆ دەربڕیم، ئیدی ئەو شەوە لەگەڵ لوئەی ڕۆژم کردەوە، بۆ هەتا هەتایی لوئەیم جێ هێشت، ئێستا تامەزرۆم سەر بنێم بەسنگی دایکمەوە بۆ تەنیا جارێك بچمەوە نێو پۆلەکەی خۆم دابنیشم لەگەڵ کچە هاوڕێکانمدا تاوێك یەك ببینینەوە بە نەفرەت بی ئەحمەد تۆ منت کرد بە سۆزانی بێز لەخۆم دەکەمەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.